


# فەتانە وەلیدی

## ژنە ڕەچەشکێنی هونەری کوردی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


١- فەتانە و دەنگە ئەهوورایییەکەی.......................................................... ئەنوەر عەزیزیان ..... ٣

٢- فەتانە وەلیدی رچەشکێنی گۆرانی کوردی بۆ ژنان.............................................. فاروق رۆستەمی ..... ٦

٣- فەتانەی وەلیدی؛ ئاوازێکی رۆشن، لەململانێی ژیان و مەرگێکی کپ و خامۆشیدا.................. عەلی لەیلاخ ...... ٩

٤- فەتانەی وەلیدی دەنگێکی حەزین ، بەڵام خامۆش و تەریک....................................... شەریف فەلاح ..... ١٣

٥- فەتانەی وەلیدی بە خەمی نەگەیشتن بە ئەوینەکەی کۆچی دوایی کرد......... وریا غەفوری - زانیار بەهادین ..... ١٨

٦- فەتانەی وەلیدی.. شاژنە فەرامۆشکراوەکەی مۆسیقای کوردی.................................... وریا غەفووری ..... ٢٣

٧- فەتانە وەلیدی، شاژنێکی وەلانراو.......................................................... شنیار بایز ..... ٢٧

٨- فەتانەی وەلیدی؛ ڕچەشکێنی گۆرانی لە کوردستان.............................................. یەحیا میرزایی ..... ٣٠

٩- هونەرمەند فەتانە وەلیدی کۆچی دوایی کرد.................................................... لاوی محمد ..... ٣٢

١٠- هەواڵی کۆچی دوایی فەتانەی وەلیدی رەتدەکرێتەوە............................................. رووداو ..... ٣٥

١١- فەتانە؛ چریکەی ئەوینێکی ناکام ............................................................ مەودا میدیا ..... ٣٨

١٢- فەتتانە وەلیدی، ژنە گۆرانیبێژێکی ڕچەشکێن.................................................. ماڵپەڕی کوردشاپ ..... ٤٠

١٣- کورتەیەک لەسەر ژیان و هونەری فەتانە وەلیدی................................................ رۆژ نیوز ..... ٤٣

١٤- فەتانەی وەلیدی؛ ئافرەتە ڕچەشکێنەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................................. گوڵان میدیا ..... ٤٧




سەرچاوە Serchawe

# فەتانە و دەنگە ئەهوورایییەکەی



**ئەنوەر عەزیزیان**

کێ بێ و گوێی بۆ گۆرانییەکی فەتانە نەگرتبێ و ئاوپڕشکێنی دڵی نەکرابێ؟ هونەرمەندێک کە ناوەکەی و دەنگە ئەهوورایییەکەی ئاوێتەی چارەنووسێکی تاڵ و ناخۆش بووە.

فەتانە وەلیدی، هونەرمەندی دەنگخۆش و ناوداری کورد ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە شاری سنە چاوی بۆ ژیان کردەوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەرگای قوتابخانەی بە ڕوودا دەکرێتەوە و، هەر لەو تەمەنە شیرینەوە لەگەڵ ئەوینی ئاواز و مۆسیقا تێکەڵ دەبی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بە ناخی ئەم خۆشەویستییەدا شۆڕ دەبێتەوە و زۆر بەخێرایی قۆناغەکانی سەرەتایی دەبڕێ و تواناکانی دەردەکەون.

فەتانە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا سەرنجی مامۆستایانی بواری مۆسیقی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بەچەشنی کۆلکەزێرینەی پاش باران لە ئاسمانی ئاویەرەوە دەخزێتە نێوگۆڕەپانی شاری سنەی لانکی گۆرانی و هۆنراوە و دڵی ئۆگرانی ئاواز و مۆسیقای گەلە زمان زەوتکراوەکەی بە گۆرانییەکانی دەلاوێنێتەوە.

ئەم هۆزانە بە حەنجەرەی زێڕین و چریکە ئەهوورایییەکەی پتر لە ٦٠ گۆرانیی لە ڕادیۆ سنە و کرماشان و تاران تۆمار کردوە و چەپکێکی تری لە گوڵ خستۆتە سەر خەرمانی زمان و ئاوازی کوردی. ئەو گۆرانییانەی ناوی فتانەیان خستە سەر زار و زمانان و گەیاندیانە پێگەی بەرزی هونەری، بریتین لە، «سەبری گوڵ فرۆش»، «ئامان شیرین گیان»، «ئەی یاری

نازدار»، «دیدەی گریان»، «لەسەر کانی» و، «لای لای گوڵم لای»... کە تا ئێستا بە نەمری ماونەتەوە و زۆرن ئەو کەسانەی کە سەردەمانێکی شیرینیان لەگەڵ ئەو ئاوازانەدا بەسەر بردووە.

فەتانە لە درێژەی ئەم ڕێگەیەدا گوڵی باخی دەپشکوێ و هێندەی تر بەرامەی خۆشەویستیی ئەم خولیایەی لێ دەنیشێ، گۆرانیی «لای لای گوڵم لای لە باغی سینە.. ئاڕام بنیشە شادی بوینە»، ئەو ئاوازەیە کە نەرم و نیانیی دایکانی کورد وێنا دەکا و، ئامۆژگاری و خۆشەویستییان بە تاسەوە وەبیر دێنێتەوە، کە سەرنجی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست دەجووڵێنێ و، نوقمی داستانی لە خۆبوردوویی و شەونخونیی دایکانی جگەرسۆز دەبێ...

فەتانە لە دەرئەنجامی ئەو ئەوینەوە بەرگی ئاڵای پڕ بەباڵای سەربەستی دەپۆشی و، بەو پەڕی بوێرییەوە وەک هێمایەکی درەوشاوە دەرکەوت و کابووسە نەریتیەکانی تێک شکاند، ئاخر ئەو سەردەمەی فەتانە هاتە گۆڕەپانی ئاوازەوە، ئافرەتانی بروارِەنگین و داهێنەری وڵاتەکەی حەز و خولیاکانیان لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی پیاوسالاریدا دەچەوسانەوە و هومێدێک بۆ ژیانی یەکسانی و بەرابەریی ژن و پیاو بەدی نەدەکرا، هەر بۆیە شایانی ئەوەیە وەک ڕچەشکێنێک ناوی بەرین و یادی بکەینەوە...

ئەم هونەرمەندە لە کەنار خوڕەی کانیاو و جریوەی مەل و سروشتی دەگمەنی سنەی ئازیز سەری هەڵ دا و لە سپێدەی بەیانیدا هونەر و، زانستی وێکرا نەشونمایان کرد، سەرەنجام لە هونەرستانی عالیی تاران بڕوانامەی لیسانسی هونەری وەدەست هێنا و پتر ئەم هیوایەی تێدا گەشایەوە و ڤەژەنی ئەم هەناسەیە بوو بە مایەی سەرنجی ژەنیارەکانی بواری موزیک و خۆی لە جیهانێکی بەربڵاوتری ئاوازدا دیتەوە و، ویبراتۆی سۆزی ئەهوراییی لە زۆربەی تۆنە موسیقاییەکانا ڕەنگی دایەوە و بە شێوازێکی سەرکەوتوانە ئەم ڕێگە سەخت و ناهەموارەی بڕی.

فەتانە لە هەواری ئەم کوێستانەوە سەری بە هۆبە و ڕەشماڵانی دوندی چیا و پێدەشتی کاکی بە کاکیی زێدی بابانی دادەکا و، بۆنی گوڵ و کەما و مەندۆک لەگەڵ تریفەی ئەستێرە و خەرمانەی مانگ لە هەستیا خۆ دەنوێنێ. ئەم گشتە جوانییە لە ئامێزی ئەشقێکی سەربزێو ئەگیرسێتەوە و وەرزێکی نوێ لە سروشتی ژیانی دەست پێ دەکا، ئیتر فتانەی هونەرمەند ئاواز بۆ مەبەستی دەچڕێ و ژوانی دڵدار و چپەی حەزێکی شەیدا گۆمی مەندی خەیاڵەکانی دەشڵەقێنێ و، شەوان خەو بە بزەی شیرینی یارەوە ئەبینێ و، ڕۆژانی لە زەمزەمەی گۆرانی و ئاوازا کۆرپەی خۆشەویستیی ئەم هیوایە ڕادەژێنێ...

بەمجۆرە ئەشقێک لە چەشنی ئەوینی وەلی دێوانە بەرۆکی دەگرێ و سەراپای وجوودی دادەپۆشێ، بەڵام لەپڕ ئەم ئەوینە بزر دەبێ و، ماوەی چەند ساڵ بە پێوشوینی ئەم ئەشقەدا دخولیتەوە و، هیوابڕاو هەناسەسارد، لەگەڵ خەو و خەیاڵیا



سەرچاوە
Serchawe

بەسەر ئەبا و، دەست لەئەژنو چاو لە ڕێگا، خەمی ئەوین گەورە دەکا و دەیخەملێنێ و، جارجار بزەی کزی شەرم لەگەڵ ڕابردوویدا دەدوێ و وەسفی لەتوانای ئاواز و هونراوەکان تێ دەپەڕێ و ئەم نەوایە ڕۆدەچێتە دەروونێکی وێرانەوە و لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بولبول باخی لەبیر دەکا و هێلانەی چۆل بە چلووکی دارەوە بەجێ دێڵێ. لەو کاتەوە دەستەودامێنی شەماڵ و زریانە بۆ تاقانەکەی، مەخابن، خەڵوەتخانەی دەروون وێڵە بە شوێن عینوانەوە و کەس هەواڵی ئەم بێدەنگییە نازانێ و بە غەیری دڵی، سێڵاوی هیچ بارانێک ئەم بەستێنە ناشواتەوە و، خرۆشانی ئەم زەریایەش ڕاناوەستێ و بە لرفەی ئەم شەپۆلانە بەرەو دیاری دوور لە خۆی ڕای دەماڵێ و لە کەناری بیابانێکی قاقڕا بە تەنیایی بەجێی دێڵێ و لەو ساتەوە بە جێژوانگەی چۆڵ و خەیاڵا ئەڕوانێ..

لە ژمارەی ٧٣١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# فەتانە وەلیدی رچەشکێنی گۆرانی کوردی بۆ ژنان



**ئامادەکردن و نووسین: فاروق رۆستەمی**

**له رۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامی و هەروەها کولتوری داخراوەی کۆمەڵگای کوردی، ژنان بەکەمی توانیویانە ئەو سنوور و هێڵە سوورە ببەزێنن و هێز و ئاستی توانایی خۆیان دەربخەن، زۆربەی هونەرەکان لە ژنان قۆرغ کرابوو بە تایبەت هونەری گۆرانی و مۆسیقا، کەسانێک ڕچمانی ئەو ڕێگەیان شکاند و بوون بە رچکە شکێن خۆیان تا ڕادەیەک لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند یان هونەردۆست بوون.  دەتوانین بڵێین لە کوردستانی رۆژهەڵات "فەتانەی وەلیدی" یەکەم ژن بووە کە دەستی بە گۆرانی چڕین کردووە، ئەویش باوکی واتە هونەرمەندی گۆرانیبێژ کاک"شەریف وەلیدی" بووەتە پێشەنگ و پاڵپشت و هاندەرێکی باش کە فەتانە بوێرانە و بێ ترس بتوانێ تێکەڵ خەڵکانی هونەرمەند بکات و هاوکاری یەکتری بن، بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی درێژە بە کاری هونەری بدات هەر ئەو چەند گۆرانییەی تۆمار کردووە کە بۆتە سامانێکی بە نرخ بۆ مۆسیقا و گۆرانی کوردی کە زۆرێک لەو ژن و کچانەی کە هاتنە نێو بازنەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی بە بۆنەی ئەو ڕێگەیە بوو کە فەتانە رچەکەی شکاند . هەڵبەت ژنانی تر لە سەردەمی هەبوون وەکوو: " شەهین تاڵەبانی، مەستوورەی ئەسەدی و  سدێقەی محەمەدنژاد" کە مەستوورەی ئەسەدی و سدێقەی محەمەدنژاد نەیانتوانی درێژە بە کاری هونەری بدەن و دەستیان لێ هەڵگرت، بەڵام خۆشبەختانە خاتوو شەهین تاڵەبانی درێژەی بە کاری هونەری خۆی داوە و هەر بەردەوامە و بووە بە قوتابخانەیەک بۆ ژنان. باوکی فەتانە کە زۆر پیر بووە و بیری ئەونە یارمەتی ناکات ئەڵێ: محەمەد ئێنسافجوو ئاوازی بۆ داناوە، دابەشکارانی مۆسیقاکەشی گریشا میکائیلزادە، حەسەنی کامکار، موجتەبای میرزادە و عەبدولسەمدی" بوون. ئەو سەردەمە لە رادیۆ کرماشانیش کارمان بۆی ئەکرد.**

بەڵام پێدەچێ ئەم ئاوازانەی کە لەبەر دەستی خەڵکن ئاوازی ئەم کەسانە بن "حەسەنی کامکار، گریشا میکائیلزادە، شەریف وەلیدی، عەباس کەمەندی و رەزای رەزایی، هەروەها کەسێک بە ناو"سامانی" شیعری گۆرانییەکانی بۆ داناوە و لە شیعری فولکلۆر کەڵکی وەرگرتووە. ئەمەش ناوی چەند گۆرانی: "لای لای، هەی گوڵ ئامان گوڵ، لەسەر کانی تیتەو لێو بە پێکەنین، مریم باوانم بۆچی تۆریاگە، شیرین تەشی ئەڕێسێ، بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم، ئەی دڵی غەمینی من بۆچ بێقەراری، گوڵی ناوباخان و ڕازی شەیدایی.

**گۆرانییەکی فارسی بە ناوی گەنجینەی عسق لە مایەی "ئەبوو عەتا" خوێندووە:**

**انشب کە از نامهربانیهای تو رنجیدم**
**گەنجینەی عسق تو را بر دیگران بخشیدم**

لەگەل هونەرمەند"ساڵح پیرزە هیری ئەم گۆرانیانەیان بە دوو قۆڵی چڕیوە: بەهار فەسڵێکی خۆشە، دوور لە یاری چاوجوانم و کەومل کەومل.

ئەم وتارە کورتە باسی ژیانی راستەقینەی هونەرمەندی گۆرانیبێژ فەتانەی وەلیدی ئەکات کە خۆیمان بەسەر کردووەتەوە و لە زمانی خۆیەوە باسی چۆنییەتی دەستبەکار کردنی کاری هونەری خۆی دەکات

"فەتانە" کچی هونەرمەند "شەریف وەلیدی" لە مانگی گولانی ساڵ١٣٣٦ هەتاوی لە شاری سنە لە دایک بووە.

لە تەمەنی ٦ یا ٧ ساڵان دا بە هۆی مامۆستا حەسەن کامکار باوکی کامکارەکان نێردراوەتە رادیۆ سنە و لەوێ سەرەتای دەست پێ کردنی گۆرانیی خوێندنی بووە. لەو سەردەمەدا لە گەڵ گۆرانیبێژانی وەکوو: "ساڵح پیرزەهیری" "بەهائەدین نەورۆزی" کە هەردووکیان کۆچی دواییان کرد، هەروەها هوشەنگ شگێرف، بێهروزی تەوەکولی لە رادیوی سنە چالاکی بووە.

لە پرۆگرامێکدا کە ئاماژەی بە شوێنەکەی نەکرد، یان لە بیری نەمابوو باسی حەسەن زیرەکی کرد و دەڵێ حەسەن زیرەک منی بانگ کرد گووتی: فەتانە وەرە گۆرانییەک بێژە. ئەویش بە شانازییەوە گۆرانییەکی تۆمار کرد. بەڵام ناوی گۆرانییەکەی لە بیری نەمابوو کە چی بووە!

ژەنیارەکانی ئەو سەردەمەی رادیۆ سنە کە لە گەڵ فەتانە هاوکارییان کردبوو: لەم کەسانەن: "گریشا میکائیلزادە، حەسەن

کامکار، موزەفەر کامگار، بیژەن کامکار" کە ئەو سەردەمە" تاری" لێ داوە. و چەن کەسێکیتر کە ناوەکانیانی لە بیر نەمابوو. فەتانە تەنیا ١ بەرهەمی لە تۆمارگەکاندا هەیە! بەداخەوە زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی بڵاو نەکراوەتە. بۆ نموونە گۆرانی: ئەی وەی بەلەرزانە گیانە بەلەرزانە، گێل گێلەکەی دەوری سەری پەخشە پەرێشانە... ئەم گۆرانیشە دواتر لە لایەن "حسێن شۆخ کەمان" (ز.ز) وتراوە و" ناسر رەزازیش" لە بەرهەمی ساڵی ١٩٨٤دا لە شاری سلێمانی لە بەرهەمی بەردە بەردە تۆماری کردووە. فەتانە یەکەم ژنە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بە دوای ئەو چەن ژنێکی دیکە وەکوو: شەهین تاڵەبانی، مەستورەی ئەسەدی، سدیقە محەمەدنەژاد کە خەڵکی شاری سەقزە، هاتنە ناو مەیدانی هونەری. بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کورت وازیان لە گۆرانی وتن هێنا لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە رێگر بوون بۆ ژن کە گۆرانی بڵێت.

شەهین تاڵەبانی لە وتووێژێکدا باسی گۆرانی "سەبری گوڵ فرۆشی" کرد کە ئەو گۆرانییە هی منە*. بەڵام لە بەر ئەوەی کە پێ عەیب دەبێ ناوەکەی خۆی ئاشکرا بکات بە ناوی فەتانە ئەو گۆرانییە بڵاو دەکەنەوە. ساڵی ١٩٧٥ بە پێشنیاری "مورتەزا حەنانە" یەکێک لە" پیانیستە" بە ناوبانگەکانی ئێران بە چەندین گۆرانیبێژ پێشنیار ئەدەن کە کۆمەڵێک لە گۆرانییە فولکلۆرەکان کۆ بکەنەوە، و لە رادیۆی" سنە" چالاکییان بەردەوام بکەن. کە بریتی بوون: لە کۆچ کردوو محەمەدی ماملێ، ناسر رەزازی، سدیقە محەممەدنەژاد، فەتانە وەلیدی، قالە مەڕە! بەڵام بە دوای راپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆیان نەکرا ئەو کارە دەست پێ بکەن! بە درێژایی تەمەنی فەتانە بە داخەوە تووشی نەخۆشی دەروونی ئەبێت. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە فەتانە ئەوینداری کوڕێک دەبێت و کوڕەکەش هەروەها لە بەرانبەر ئەو، بەڵام دژایەتی کردنی بنەماڵەی فەتانە بۆ هاوسەرگیری ئەم دووکەسە درێژەی پێ ئەدرێت. تا سەرەنجام ئەو کوڕە کە خەڵکی "ئازەرشار" دەبێت و لە سنە لە ئەرتەشە خزمەت دەکات لە شەڕی نێوان میسر و ئێران لە سەردەمی رژیمی پاشایەتی کە شەڕەکە ماوەیەکی کورت دەبێ، لەو شەڕەدا گیانی لە دەست ئەدات.

**فەتانە بە بیستنی ئەو هەواڵە تووشی نەخۆشی یەکجاری خەمۆکێ دەبێت. و بۆ هەتاهەتایی واز لە گۆرانی گووتن دێنێت. بە گشتی بارودۆخی دەروونی ئەم ژنە گۆرانیبێژە باش نییە. ئێستاش لە گەڵ باوکی کاک شەریف وەلیدی ژیانی ئاسایی خۆی تێپەڕ دەکات و لە ئاوایی حەسەن ئاوای نزیک شاری سنە نیشتە جێییە.**

**رێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

# فەتانەی وەلیدی؛ ئاوازێکی رۆشن، لەململانێی ژیان و مەرگێکی کپ و خامۆشێدا



**عەلی لەیلاخ**

ئەوانەی وا لە کۆمەڵگای خۆیاندا دەگمەنن بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی کە بە دەیان دەردو گرفتی فیکری و فەرهەنگیەوە دەردەدارەو دەناڵێنێ، رەنگە وەکوو مێژوو هەر بەدەگمەنی بمێننەوە بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە هەتا لە ژیاندا ماون لە ململانێی هەر رۆژەی مەرگێکی خامۆشدا ژیان دەبنە سەر. بۆ ئەوەی ژیان و حاڵی نالەباری ئەوان جاروبار مووچڕکێک بە گیانماندا بهێنێ کە هەر ئەم دەگمەن مرۆڤانە داژدارو بارهێنەری فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەمانن. چیرۆکی بێ ئەمەگی و لاخرانی هونەرمەندانی کورد لە لایەن کاربەدەستان و کۆمەڵگاوە شتێکی تازە نیە و بەرۆکی زۆر کەسایەتی و هونەرمەندی کوردی لە رۆژهەڵات گرتووتەوە، ئەگەر ئەمرۆکە ئاوازو موزیکی "حەسەن زیرک" بووەتە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە گورانی کوردی و بە خاوەن شکۆی ئاوازی رەسەنی کوردی یادی لێدەکرێ و عاشقانی ئەو دەنگە سیحراوییە وەکوو کەلەپوورێکی هونەری رێزی لێدەگرن و بەرانبەر بە دنیای دەرەوەش پێشانی دەدەن. وەک دەزانین حەسەن زیرەکی دەگمەن و ناوداری ئێستا، نموونەی وەلاخراوترین و کلۆڵترین هونەرمەندی سەردەمی خۆی بوو.

**یەکێکتر لەو دەنگە دەگمەن و چریکەی رچەشکێنەری کورد کە ئێستا لە ژووری خەمۆکی و بێ دەرەتانی لە گۆندی "حسێن ئاوای" شاری سنە و لە تەنیایی شەوی ژینا رووبەرووی مەرگێکی بەردەوامە، خانمی گۆرانیبێژ و داهێنەری کورد "فەتانەی وەلیدی"یە.**



سەرچاوە Serchawe

فەتانەی وەلیدی لە مانگی گوڵانی ١٣٣٦هەتاوی (١٩٥٧ی زاینی) لەشاری سنە لە دایک دەبێ و بە هۆی هونەرمەند بوونی باوکی "شەریف وەلیدی" هۆگری گورانی و مۆزیکی کوردی دەبێ، فەتانە لە یەکەم ژنانی بواری گۆرانی و هونەری موسیقای کوردییە کە هەر لە تەمەنی منالییەوە واتە ٦ یا ٧ ساڵان بە پاڵنەری "حەسەن کامکار" لە رادیۆی سنە گۆرانی دەچڕێ و هەر ئەمە نیشان لە بەهەرەمەند بوونی ئەو خاتوونەیە کە هەر زوو دەنگی بۆ ژەنیاران و موزیسیەنە بەناو بانگەکان وەکوو حەسەن کامکارو، گریشا میکائیلزادەو موجتەبا میرزادە و... هتد.

سەرنجراکێش دەبێ. ئەوەی کە ئێستا لەوە خانمە دەنگ خۆشە وەکوو ئاواز و گورانی بەجێماوە بەشێکی ئێگجار کەمە لە سەرجەم ئەو گورانیانەی کە تۆماری کردوە، بەڵام بەداخەوە بڵاو نەکراوەتەوە نزیک ٥٦ گورانی لە رادیۆ سنە و کرماشان تۆمارکردوە کە هەر ئەلبوومێکی لەبەردەست دایە. سۆزێکی ژنانە و هەستێکی هونەرمەندانە لە سەرجەم گۆرانییەکانی فەتانە شەپۆل دەدا و بەچەشنی خرێنگەی کانیاوێکی بەهاری دەرژێتە ناخی دەشتی ئەویندااران و دەوەنی دەروونی گوێگرانی بە ئەفسوونێکی سەیر فێنک دەکاتەوە. رەنگە گیرۆدە بوونی ئەو خانمە رچەشکێنە بە ئەڤینێکی تراژیک بۆتە هۆی دەنگدانەوەی چریکەیەکی ئاسمانی لە گەرووی ژنە کوردێکی کلۆڵ و دیلی دەیان گرفت و لەمپەڕی کۆمەڵایەتی. ئەگەرچی ئەم خانمە هونەرمەندە هاوتەمەن و هاوماڵی گۆرانیبێژانێکی وەکوو "عەباسی کەمەندی و ناسری رەزازی و هوشەنگ شگرف و بیژەن کامکارە، بەڵام زۆر ناخەیەنی کە چرای گۆرانی گوتنی ئەم ژنە روولەکزی دەکا و لە سووچی تەنیاییەکی تاڵ و تاقەت پرووکێن، بە دەم بیروەرییەکانییەوە ژیانێکی پڕاوپڕ لە بێ کەسی و نامۆی دەباتە سەر. هەرچەند ژیان تاڵی هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی لە رۆژهەڵات و بەتایبەتی‌تر لەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەردێکی هاوبەشە، بەڵام بەشی ژنانی هونەرحەز"" هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا بەشێکی زیاترو دۆخێکی نالەبارترە، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ کێشەی ژن بوون، لە کۆمەڵگەیەک کە نۆرمی ئایین ونەریت زاڵترە و دەسەڵاتی باڵای هەیە. هەر بۆیە "فەتانە" لە بەراورد لەگەڵ پیاوانی هاوتەمەنی زوو پەراوێز دەخرێ و تا سنووری لەبیرچوونەوەش دەچێ. ئەگەر چارەنووسی ئەم ژنە هونەرمەندە ئەوەند پڕ گێروکێشە نەدەبوو ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر ژیابا رەنگە ئێستا باخی ئاواز و گۆرانی پر بەرهەمترو خۆیشی ناسراوترو خۆش بژیوتر دەبوو، بەڵام چەندین و چەندساڵە ئەوەی وەکوو دەنگۆ لە بارەی فەتانەوە دەبیسین شێت بوونی سەرشەقامەکانە هەتا هەڵکووڕمان لە دیوێکی تاکەکەسی. جێی داخە کە بێ بێجگە چەند دیمانەی رۆژنامەوانی و چەند گرتە ڤیدیویی ئەویش لەکاتی زویری و زەلیلی جەستەیی و نەخۆشی فەرامۆشی ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاوڕێکی جیدی لە بەرهەم و ژیانی هونەری ئەم ژنە پێشقەراوڵەی گۆرانی کوردی نەدراوە. وەک ئاگادارین لەم دواییانە ئەمەگناسی بنەماڵەی کامکارەکان بە نیسبەت ئەم خاتوونە دەنگ سیحراوییە، سەردان و دیدارێکی لێکەوتەوەو بیژەن کامکارو سەبا کامکار لەگەڵ گەورە موزیسینی ئیرانی "حسەین عەلیزادە" بوون بە مێوانی دیوی تەنیا و تەریک کەوتووی "فەتانە وەلیدی". دیسانەکەی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەی فەتانە و زڵەی فرمیسکی روومەتی حەسرەتباری بەشێکی زۆر لە رۆژنامەکان و میدیاکانی ڕازاندەوە، بەڵام بەسەرکردن و بەها دان بە "فەتانە" لە کاتێک کە



سەرچاوە
Serchawe

تووشی دەردێکی بێ دەرمان و حاڵێکی ناسازو جەستەیەکی ناساغە و لە ئاویلکەدانێکی بەردەوام بەرەو پیری مەرگ دەچێ نەک بڵێم کارێکی باش نیە، بەڵام بێ کەڵکە، دەبا زۆر پێشتر خەڵک و کاربەدەستانی پێوەندیدار بە بواری فەرهەنگ و هونەر! هەروەها رۆژنامەنووسان و هەڵسوورانی بواری فەرهەنگی فریای فەوتانی فەتانە بکەوتان. سەدحەیف و خەسار کە چیتر "بولبولە خەمگین و دڵشکاوەی بناری ئاویەر چاوەڕوانی هیچ فریاکەوتن و بەهانا چوونێک نیە.

چڕینی هونەرمەندانەی گۆرانییەکان و کەڵک وەرگرتن لە فۆلکۆری کوردی و نزیک بوونی تێکستی گۆرانییەکانی بە بەسەرهاتوو ویستەکانی، تایبەتمەندی گۆرانییەکانی "فەتانە وەلید"ی یە کە خاوەن شێوازو ستایلی تایبەت بە خۆیەوە. بەدەر لە هەرچەشنە لاساییکردنەوەیەک. هەروەها لەیەکەم گۆرانیبێژانی کوردە کە شێوە گۆرانی خوێندنی دووقۆڵی بە هاودەنگی هونەرمەند "ساڵح پیرزەهیری" گۆرانی"بەهار فەسڵێکی خۆشە، دوور لەیاری چاوجوانم و کەومل کەومل"ی چڕیوە.

لاوەندنەوەی دڵێکی شەیدا لە گۆرانی "لای لای دڵم لای لە باخی سینە" و "ئەی دڵی غەمینی من بۆچ بێقەراری"، دڵی گۆرانییەکانی "فەتانە"ی تاقانەن و لە ئینجانی ئاوازی رەسەن "هەی گوڵ ئامان گۆڵ"کەی چەپکەگوڵێکی جوان و گەشاوەیە و"شیرین تەشی دەریسێ" وەکوو "گوڵی ناوباخان" نواندنی ناسک و خەیاڵاویی"ڕازی شەیداییە" گەرچی ئەم خانمە هونەرمەندە بەم چەن گۆرانییەوە ناسراوە جێ پەنجە و رچەشکێنی لە بواری هاتنە مەیدانی ژنان کورد لە بواری موسیقا دەبێ زیاترو باشتر سەرنجی پێ بدرێ. هەرچەند ژنانی دیکەش ئەم ئەزموونە ئاستەمەیان تاقی کردۆتەوە کەسانێک وەکوو "شەهین تاڵەبانی، سدیقەی مەحەمەدنیژاد". بەڵام ئەوانیش لەو سەردەمە بەهۆی نەریتی کۆمەڵگەوئاستەنگەکان واز لە گۆرانی گوتن دێنن. هەتا دوای پچڕانێکی چەندین ساڵە "مەرزیە"ی فەریقی لە دەرەوەی رۆژهەلات وەک ژنە گۆرانی بێژێکی رۆژهەڵاتی دێتە مەیدان و رێگەی هونەری کەسانێک وەکوو "فەتانە" درێژە دەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی کورستان نەتەنیا بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی دوگم و داخراو رووی خۆشیی بە هونەرو کۆمەڵگەی هونەرمەندان تا ئێستا نیشان نەداوە، وەک دەبینین لە ئەمڕۆکەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەک لەدوای یەک بەرگریی لە بەرێوەچوونی کۆنسێرتی موسیقی دەکرێ بەڵام بۆ سەیری کردنی ئیعدام و شەڵاق لێدان و سزادانی لەم چەشنە.

خەڵک هان دەدەن کە بێنە سەرشەقام! ئەمە لەلایەک و لایەکتر نەریت و سوننەتی کۆمەڵگەش رێگرە لەوەی ژنان بتوان لە بواری هونەری بەتایبەت لە بواری گۆرانی و موسیقی بێ کۆسپ و گرفت بەشدار بن. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە لێهاتوویی و توانایەکانی ژنان لەم بوارەشدا، لە ناو دەچێ و گەشە ناکات. هەرچەند سەرەڕای زەخت و زەبری سیاسی و فەرهەنگی بەسەر ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ بەدوای رۆژ ڕادەی بەشداری ژنان و کچان لە ناوەندە فەرهەنگی و هونەرییەکان لە زیادبوون دایە، بەڵام با یەک شت هەمیشە لە بیرمان بێ کە رچەشکێنەکانی هەر بوارێک، دەگمەنەکانی هەر سەردەمێک شیاوی ناسینی ورێزی زیاترن. "فەتانە"ش ئەو دەنگە دەگمەن و ڕچەشکێنەیە کە پێویستە وەک وەفاو ئەمەگناسی بەرەی

نوێ و داهاتوو زیاترو باشتر بیناسن. لانیکەم ناسین و رێزگرتن کەمترین کارێکە کە لە دەستمان دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# فەتانەی وەلیدی دەنگێکی حەزین ، بەڵام خامۆش و تەریک



**شەریف فەلاح**

دەنگە رەسەن و رچەشکێنەکەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینی لە دەڤەری سنەی ئەردەڵان، بولبولە خۆشخانەکەی بناری ئاویەر، خانمە شۆخ و شەنگ و دەنگ حەزینەکەی دیوەخانەکانی موشیر دیوان، وەزیری، وەکیل، ساڵانێکە لە بێدەنگیەکی کوشندەی لەبیرکراودا دەژی .

فەتانەی وەلیدی ئەو خاتوونە رچەشکێنەی کە بە دەنگێکی سیحراوی و بە بوێرییەوە هاتە مەیدانی گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە، لەگەڵ تیپ و گرووپە میۆزیکەکانی ئەو سەردەمە کە ئوستاد حەسەن کامکار مامۆستایان بوو، توانی خۆی دەربخات و وەک یەکەم ژنە گۆرانیبێژی دەڤەری ئەردەڵان کۆمەڵێک ئاواز و گۆرانیی هەرمان تۆمار بکات.

فەتانە بە دەرکەوتن لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەوکاتی سنە و بە یارمەتیی ژەنیار و ئاوازدانەرانی ئەو سەردمە خۆی نیشان بدات، ئەو خانمە شۆخ و دەنگ ناوازە خێرا هەڵکشا و ناوبانگی دەکرد، بەڵام بەخت و ناکامییەکانی ژیان و شکستهێنان لە عەشقێکی ناکام بوونە لەمپەر لەبەردەم بەردەوامی لە هونەر و بەداخەوە هەر ئەمەش کاریان کردە سەر باری تەندروستی و بۆ ماوەیەکی زۆر لە هونەر دوور کەوتووەتەوە و ئێستە تەنیا لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دێتەوە بیر خەڵک رەوتی ژیان بە

تووڕەیی و بێ ڕوحمییەوە بەرەو ڕووی فەتانە وەلیدی بوونەوە و بەرۆکی سەرکەوتنەکان و ژیانی هونەریی ئەویان گرت و شەپۆلە سەرشێتەکان لەناو دەریای قووڵی فەرامۆشیدا نوقمیان کرد.

کۆمەڵگەی بێ ئەمەگ و گرنگی نەدان بە هونەر و کەسایەتییە هونەرییەکان هێندەی دیکە لە پەراوێزخستنی ئەم خاتوونەدا کاریگەر بوون، بۆیە ئەمانە هەموو پێکەوە کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و دەنگ و باری دەروونیی کردووە و تووشی نەخۆشیی ئەلزایمر و لەبیرچوونەوە دەبێت و هێندەی دیکە خەم و ئازار لە باوەش دەگرێت.

بە جۆرێک تەنیا لەگەڵ بیرەوەرییەکان و رابردوویەکی پچڕپچڕدا دەژیت و بەردەوام بەدەم ئازارەکانی ژیانەوە فرمێسک دەڕێژێت.

فەتانەی وەلیدی خانمەرەچەشکێن و پێشەنگەگۆرانبێژەکەی شاری سنە، هاوتەمەن و هاوسۆزی هونەرمەندان عەباس کەمەندی، نەجمەدین غولامی، ناسر رەزازی و کامکارەکان و.. س یەک لەو دەنگە دەگمەن و چریکە سیحراوییانەیە کە گوێگر پەلکێشی دنیای ئەندێشە و خەیاڵ دەکات.

کاتێک بە گۆرانیی) کەومل و کەومل، یاری نازدارم، دڵی خەمینم، هاتەوە یارم و بەهار .. دەیچریکاند مەل و باڵندە و ئاویەر و قەتارچییان و ئاغەزەمان (کەنیشکە عاشقەکانی شار، دەکەوتنە سەما و لە گۆڤەندی سنەی دێرین و دۆ لەدەستی تاقەدارەکەی سەرووی شار دیلانیان دەگێڕا.

لێ مخابن ئەم چریکەیە، بەهۆی نەخۆشیی گواتر) دومەڵی لای مل (و بێدەرەتانی و ئاوڕنەدانەوەی لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدارەوە، ئێستا کپ و وەستاوە، ئیتر خەریکە بەدەم ئازارەکانی ژیانەوە دەتلێتەوە و لەبیر چووەتەوە و پەراوێز خراوە.

گۆشەی تەریکی تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە شار و ژیان لەگەڵ باوکێکی پیر لە شاردەێی حەسەن ئاوابی نزیک سنە، بوونەتە هاودەمی یادەکانی.

جار نا جارێ هونەرمەندان، وێنەگر، رۆژنامەنووس و دیکیۆمێنتار و شاعیر و نووسەرانی سنە و دەوروبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەرشیڤی تاکەکەسی و گرتنی وێنەی یادگاری لە تەکیدا، بۆ چەند ساتێک سەردانی دەکەن، بەڵام دیسان تەنیایی و خەمۆکی، باوەش بۆ یادەوەرییەکانی دەکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

(فەتانەب کچی هونەرمەند) شەریف وەلیدیب لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی) ١٩٥٧ی زایینی (لە شاری سنە لەدایک بووە، لە تەمەنی ٦ یان ٧ ساڵاندا لەڕێگەی مامۆستا حەسەن کامکار باوکی کامکارەکانەوە، دەنێردرێتە رادیۆ سنە و ئەوێ سەرەتای دەستپێکردنی گۆرانی چڕینی بووە.

لەو سەردەمەدا لەگەڵ گۆرانیبێژانی وەکوو: ساڵح پیرزەهیریب، بەهائەدین نەورۆزیب کە هەردووکیان کۆچی دواییان کرد، هەروەها هۆشەنگ شگێرف، بێهرووز تەوەکولی لە رادیۆی سنە چالاکیی هەبووە.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە دیمانەیەکیان لەگەڵ فەتانە و باوکی ساز کردووە، باوکی فەتانە کە زۆر پیر بووە، لەبارەی ئاواز و تێکستی گۆرانییەکانییەوە دەڵێ: محەمەد ئێنسافجوویی ئاوازی بۆ داناوە، دابەشکارانی مۆسیقاکەشی گریشا میکائیلزادە، حەسەنی کامکار، موجتەبای میرزادە و عەبدولسەمەدیس بوون. ئەو سەردەمە لە رادیۆ کرماشانیش کارمان بۆی دەکرد.

بەڵام پێدەچێ ئەم ئاوازانەی کە لەبەر دەستی خەڵکن، ئاوازی ئەم کەسانە بن حەسەنی کامکار، گریشا میکائیلزادە، شەریف وەلیدی، عەباس کەمەندی و رەزای رەزایی، هەروەها کەسێک بەناوی سامانیب شیعری گۆرانییەکانی بۆ داناوە و سوودی زۆری لە شیعری فولکلۆر وەرگرتووە.

ئەمەش ناوی چەند گۆرانییەکی فەتانەیە:

زلای لای،
هەی گوڵ ئامان گوڵ،
لەسەر کانی تیتەو لێو بەپێکەنین،
مریم باوانم بۆچی تۆریاگە،
شیرین تەشی ئەڕێسێ،
بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم،
ئەی دڵی غەمینی من بۆچ بێقەراری،
گوڵی ناوباخان و
ڕازی شەیدایی.
گۆرانییەکی فارسی بەناوی (گەنجینەی عسقب لە مایەی) ئەبوو عەتاب خوێندووە.



سەرچاوە
Serchawe

فەتانە لە گۆرانی گوتندا خاوەن ستایل و سەبکێکی تایبەت بە خۆیەتی، لەگەل هونەرمەند سالح پیرزەهیریب ئەم گۆرانیانەیان بە دووقۆلی چڕیوە:

بەهار فەسلێکی خوەشە، دوور لە یاری چاوجوانم و کەومل کەومل.

فەتانە وەک ئەلبووم تەنیا یەک بەرهەمی لە تۆمارگەکاندا هەیە، بەداخەوە زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی بڵاو نەکراوەتەوە، بە گوتەی خۆی ٥٦ بەرهەمن، بۆ نموونە گۆرانیی:

ئەی وەی بەلەرزانە گیانە بەلەرزانە، گێل گێلەکەی دەوری سەری پەخشەپەرێشانە، ئەم گۆرانییەش دواتر لەلایەن حسێن شۆخ کەمانب) زێ.زێ (یەوە گوتراوەو ا ناسر رەزازیشب ساڵی ١٩٩٨دا لە شاری سلێمانی لە بەرهەمی بەردە بەردەادا تۆماری کردووە.

فەتانە یەکەم ژنەگۆرانیبێژی رۆژهەلاتی کوردستان بوو و دوای ئەو چەند ژنێکی دیکەی وەکوو:

شەهین تاڵەبانی،
مەستوورەی ئەسەدی،
سدیقە محەمەدنەژاد کە خەڵکی شاری سەقزە، هاتنە مەیدانی هونەری گۆرانی، بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کورت جیا لە مەرزیە، ئەوانی دیکە وازیان لە گۆرانی گوتن هێنا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە رێگر بوون بەوەی ژن گۆرانی بڵێت.

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، دیسان فەتانە وەلیدی کەوتووەتەوە بیری هونەرمەندان و بەرپرسانی فەرهەنگ و ئیرشادی سنە و بەسەریان کردەوە و هاوکات بیژەن کامکار و سەبا کامکار بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی کامکارەکان، سەردانی ئەو هونەرمەندەیان کرد.

لە حەفتەی رابردووشدا کۆمەڵێک لە نووسەر و هونەرمەندانی سنە دیسان سەردانی فەتانە و باوکیان لە شارەدێی حەسەن ئاوا کرد و بەسەریان کردەوە، بەلام هەر جارە کە وێنەکانی فەتانە لە میدیا و ئاژانسەکانەوە بڵاو دەبنەوە، سیمای خەمین و نیگای پڕ لە پرسیاری هێندەی دیکە ئازارەژانی وەبیر مرۆڤ دێننەوە.

هەرچەند لە ماوەی دوو ساڵی برادوودا زۆر بەسەر کراوەتەوە و لەگەڵ چەند هونەرمەند و کەسایەتییەکی دیکەی سنە خەڵات کراون، بەڵام هیچکام لەمانە وەک خۆی دەڵێ سارێژی زام و ئازارەکانی ژیانی و گەرووی پڕ لە چریکە و کپکراوی ناکەن و هیچکام لەوانە نابنە ئەوەی جارێکی دیکە بتوانێ لەسەر ئاویەر و گوێزە کوێر

**رێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٥**

## فەتانەی وەلیدی بە خەمی نەگەیشتن بە ئەوینەکەی کۆچی دوایی کرد

**پوختە:**

**خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەتانەی وەلیدی، دوای چەند ساڵێک مانەوە لە خانەیەکی خێرخوازی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیی دوایی کرد.**



فەتانە وەلیدی

**وریا غەفوری - زانیار بەهادین**

خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەتانەی وەلیدی، دوای چەند ساڵێک مانەوە لە خانەیەکی خێرخوازی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیی دوایی کرد. فەتانە لە یەکەم ژنانی گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بووە ئەستێرە و دواتر بەهۆی ئەوینێکی تاڵ بیرەوەری لە دەستدا.

هونەرمەندی گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەتانەی وەلیدی لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانی لەدەستدا.

فەتانەی وەلیدی، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و خاوەنی سێ خوشک و برایەکە، باوکی لەگەڵ ژەنینی ئامێری کەمانچە یەکێک بووە لە دەنگبێژە دیارەکان، هەربۆیە لە هەڵبژاردنی ڕێچەکەی هونەری هاوکاری فەتانەی کردووە.

فەتانە لەگەڵ ئەوەی دەنگە خۆشەکەی خۆڕسکانە بووە، زانیاریشی لەسەر هونەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی وەرگرتووە و خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران تەواو کردووە.



## دەستپێکی کاری هونەری

دەستپێکی هونەری فەتانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوکات توانی لە ڕێگەی باوکی و حەسەن کامکارەوە ڕو لە جیهانی هونەر و مۆسیقا بکات .

ئەو سەردەمەی فەتانەی وەلیدی هونەری تێدا کرد، لە کۆمەڵگەی کوردیدا گۆرانیی وتن تەنانەت بۆ پیاوانیش وەکو کارێکی نەشیاو سەیردەکرا، بەو هۆیەوە فەتانە ڕووبەڕووی جۆرەها توانج و تانە بووەوە.

فەتـانەی وەلیـدی مـاوەیەکی کەم کـاری هـونەری کـرد بەڵام تـوانی ناوبـانگێکی گەورە بە دەسـتبهێنێت، بەپێـی گێـڕانەوەی نزیکەکـانی لەو مـاوە کەمەدا توانـویەتی ٥٦ گـۆرانی لە رادیـۆکـانی سنە و کرماشـان تـۆمـار بکـات بەڵام ئیسـتا تەنهـا یەک ئەلبوم لە گۆرانییەکانی بەردەستە و هۆکاری بڵاونەبوونەوەی بەرهەمەکانی دیکەی دیار نییە.

دیارترین گۆرانییەکانی فەتانەی وەلیدی بریتین لە گۆرانی؛ لای لای دڵـم لای لە بـاغی سینەم، لە ژیـن بێزارم، ئەی دڵـی غەمینم بۆچ بێقەراری، ئای لە دەست یارم ماڵی وێرانم، هاتەوە یـارم یـاری وەفادارم، بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم.



## دورکەوتنەوە

بەپێی گێڕانەوەی کەسوکارەکەی بێت، فەتانەی وەلیدی حەوت ساڵی کۆتـایی تەمەنی لە سەنتەرێکی خێرخـوازیی تـایبەت بە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونی لە شاری سنە بەسەر بردووە.

فەتانەی وەلیدی لە دواین ساڵەکانی تەمەنیدا هێندە گۆشەگیر کرابوو، لە دوای کۆچی دوایی باوکیەوە کەسوکارە نزیکەکانی خۆشی بە دەگمەن سەردانیان کردووە و گوێیان بۆ ڕازەکانی هەڵخستووە.

فەتانە بەبێ ئاشکراکردنی نهێنی نەخۆشکەوتنی بە لەدەستدانی بیرەوەری کۆچی دوایی کرد و چەندین چیرۆک و گێڕانەوەی جیاوازی دوای خۆی بەجێهیشت بەڵام زۆرینەی گێڕانەوەکان هۆکاری دورکەوتنەوەی فەتانە لە هونەر بۆ گیرۆدەبوون بە ئەوینێکی تاڵی بێ ئەنجام دەگەڕێننەوە.

بەپێی گێڕانەوەکان، فەتانە لە گەنجیدا دەکەوتوەتە داوی ئەوینێکی قوڵەوە و دوای بێئاکامبوونی ئەوینەکەشی، بە تەواوەتی هەرەس بە هیواکانی هاتووە و دووچاری دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی نەخوازراوی کردوەتەوە بەشێوەیەک دورەپەرێز بووە حەزی بە بینینی هیچ کەسێک نەبووە.




ناڵەباری ژیان و پەراوێزکەوتن و تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، فەتانە وەلیدی وەها لە هونەر دوورخستەوە کە بەراورد بە پیاوانی هونەرمەندی هاوتەمەنی خۆی، زۆر زوو کەوتە پەراوێزەوە و ئێستا کەمترین زانیاری لەسەر ژیانی ئەو هونەرمەندە کوردە بەردەستە.

دەنگ و ڕێچکەی هونەریی فەتانە وەلیدی وەک ژنە گۆرانیبێژێکی ڕچەشکێن جیا لەوەی گۆرانییەکانی لەو سەردەمەدا بەردەوام لەناو خەڵک و کۆمەڵگەدا دەوترایە و باس دەکرا، کاریگەریی لەسەر نەوەکانی دوای خۆشی هەبووە و چەندین گۆرانیی لەلایەن هونەرمەندانی دوای خۆی نوێ کراونەتەوە

هەموان کۆکن ئەگەرچی فەتانە بەسەختی ژیا و بە سەختیش کۆچیی دوایی کرد بەڵام گۆرانییەکانی فەتانە هەمیشە وەک دەنگێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤



## فەتانەی وەلیدی.. شاژنە فەرامۆشکراوەکەی مۆسیقای کوردی




**وریا غەفووری**

**فەتانە دوو ساڵە لە سەنتەرێکی خێرخوازیی تایبەت بە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونییە**

لە ڕۆژی جیهانیی شارەکاندا کە ساڵانە لە ٣١ی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێت، ڕێکخراوی یونسکۆ ٦٦ شاری جیهانی خستە ناو لیستی شارە داهێنەرەکانی جیهانەوە کە یەکێکیان سنە بوو وەک شاری میوزیک.

شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەڵبەند و ناوەندێکی گرنگی مۆسیقای کوردییە و بە سەدان هونەرمەندی دەنگخۆش و موزیسیەن و ژەنیار و گرووپی مۆسیقای لە هەناوی خۆیدا پەروەردە کردووە، یەکێک لەوانە خانمە هونەرمەند فەتانەی وەلیدییە.

فەتانە لە یەکەم ژنانی گۆرانیبێژی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چریکەی ئەفسانەیی ئەم ژنە ڕچەشکێنە، شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنی و وەک یەکێک لە ئەستێرە پرشنگدارەکان لە ئاسمانی هونەر و مۆسیقای کوردیدا دەرکەوت.

فەتانەی وەلیدی، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵباتێکی هونەرمەندی ئەم شارە لەدایکبووە. لە خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران خوێندوویەتی و ساڵانی حەفتاکان لە رێگەی حەسەن کامگار، باوکی گرووپی کامگارەکان و محەممەد شەریف وەلیدی، باوکی خۆی، ئاشنای جیهانی مۆسیقا بووە.

باوکی فەتانە، هەم ژەنیاری ڤیۆلۆن بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی. هەر ئەویش یەکەم هاندەری فەتانە بوو بۆ گەیشتن بەو پلەیە لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا.

فەتانە یەکەم گۆرانییەکانی لە تەمەنی منداڵیدا و بە هاندانی حەسەن کامگار لە رادیۆی سنە تۆمار کرد و هەر زوو سەرنجی ژەنیاران و موزیسیەنە بەناوبانگەکانی وەک گریشا میکاییلزادە و موجتەبا میرزادەی بۆ خۆی راکێشا.

هەرچەندە درەوشانەوەی فەتانەی وەلیدی چەند ساڵێکی کەم بوو، بەڵام بەو تەمەنە کەمە هونەرییەشەوە زیاتر لە ٥٦ گۆرانی لە رادیۆکانی سنە و کرماشان تۆمار کرد کە تەنیا یەک ئەلبوومی بەردەستە. هۆکاری بڵاونەبوونەوەی گۆرانییەکانی دیکەی تا ئێستاش دیار نییە.

چەندین چیرۆک و گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری دوورکەوتنەوەی فەتانە لە گۆرانی و میوزیک باس دەکرێن کە رەنگە بڵاوترینیان گیرۆدەیی ئەو لەگەڵ ئەوینێکی تراژیدیک و بێ ئەنجام بێت کە بووە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی و خولقانی دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز.

**فەتانە دوو ساڵە لە سەنتەرێکی خێرخوازیی تایبەت بە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونییە**

لەگەڵ ئەوەش، ژنبوون و گۆرانیبێژبوون لە سەردەمێکدا کە هونەر بۆ ژن کارێک بووە لە دەرەوەی نەریت و نۆرمەکان و لەلایەن کۆمەڵگاوە وەک کارێکی نەشیاو بۆ ژن تەماشا کراوە و تەنانەت پیاوانی هونەرمەندیش بە "لۆتی" ناوبراون، هۆکارێکی دیکە بووە بۆ دوورکەوتنەوە لە جیهانی هونەر و مۆسیقا.

فەتانە وەلیدی هاوتەمەنی شەهێن تاڵەبانییە. شەهێن یەکەمجار لەگەڵ عەباس کەمەندی گۆرانیی "سەبری گوڵفرۆش"ی گوتەوە، بەڵام وەک خۆی لە وتووێژێکدا باسی دەکا، لە ترسی سەرکۆنەی کۆمەڵگا تا ساڵانێکی درێژ ئەو راستییەی نەدرکاند کە ئەو گۆرانییە بە دەنگی ئەوە و تا ساڵانێک ئەم گۆرانییە هەر بە ناوی فەتانە وەلیدی دەناسرا. تەنانەت تا ئێستاش زۆربەی ماڵپەڕە فارسییەکان لە پێناسەی فەتانە وەلیدیدا نووسیویانە بە گۆرانیی "سەبری گوڵفرۆش" پێی نایە نێو جیهانی مۆسیقا.



سەرچاوە
Serchawe

باری نالەباری ژیان و پەراوێزکەوتن و تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، فەتانە وەلیدی وەها لە هونەر دوورخستەوە کە بەراورد بە پیاوانی هونەرمەندی هاوتەمەنی خۆی، زۆر زوو کەوتە پەراوێزەوە و ناوی لەنێو ناواندا نەما. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمترین زانیاری سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم ژنە هونەرمەندە بەردەست بێت و زانیارییەکان سەبارەت بە ژیانی ئەو تەنیا پشت بە هەندێک دەنگۆ ببەستێ.

فەتانە وەلیدی زیاتر لە نیو سەدەیە لە گۆشەی تەنیایی خۆیدا ماوەتەوە و تەنیا جارجارە هەندێک کەس و لایەن سەردانێکیان کردووە و وەک وەفایەک بۆ ژنێک کە دەیتوانی شاژنی مۆسیقای کوردی بێت، رێزیان لێگرتووە. لەم ساڵانەی دواییشدا و لە دوای مردنی باوکی، ئیدی کۆتایی بەم سەردانانەش هاتووە و تەنانەت کەمتر کەسێک ئاگای لە شوێنی مانەوە و دۆخی ژیانی ئەم هونەرمەندە فەرامۆشکراوەی کورد هەیە.

خاتوو فەتانە وەلیدی، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی ٢٠١٧ و بەهۆی بێکەسوکاری و بێدەرەتانی، گوازراوەتەوە بۆ ناوەندێکی خێرخوازی چاودێری و راگرتنی نەخۆشە دەروونییەکان بە ناوی بەهار کە لە گەڕەکی بەهارانی شاری سنەیە. خوشکەکانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ناودارە سنووردار کردووە و ئیدی ئێستا جگە لە چەند کەسێکی تایبەت، رێگە بە کەس نادرێ چاویان بەو هونەرمەندە بکەوێ.

خاتوو فەتانە سێ خوشک و برایەکی هەیە. براکەیشی بە هۆی نەخۆشیی دەروونییەوە هەر لەو ناوەندەیە کە فەتانەی لێیە. خوشکەکانی لە تاران دادەنیشن و لەسەر داوای ئەوانیشە کە رێگەی دیدار بە کەس و بە تایبەتی بە رۆژنامەنووسان نادرێ.

کەڵکوەرگرتن لە فۆلکلۆر و ئاوێتەبوونی تێکستی گۆرانییەکان لەگەڵ ژیان و حەز و ئاواتەکانی خۆی بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی فەتانە وەلیدی.

بەشێک لەو گۆرانیانەی لە ماوەی چەند ساڵ تەمەنی هونەریدا تۆماری کردوون، بریتین لە: ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری، لە ژین بێزارم، لای لای دڵم لای لە باغی سینەم، ئای لە دەست یارم ماڵی وێرانم، لە سەرووی قامەتی یار، هاتەوە یارم یاری وەفادارم، بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم، بەهار فەسڵێکی خۆشە و .....

یەدوڵڵا محەممەدی کە ئەویش ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا گۆشەگیر بووە، لەبارەی فەتانەوە بە (رووداو)ی گوت: "حەیف بۆ فەتانە و بێکەسییەکەی. حەیف بۆ گەلی کورد کە قەدری هونەرمەندێکی وەک فەتانە نازانن و ئاوا بێکەس و تەنیا لە گۆشەی نەخۆشخانەدا کەوتووە".



سەرچاوە
Serchawe


مامۆستا حوسێن عەلیزادە، ئاوازدانەر و ژەنیاری لێهاتووی تار، سەبارەت بە خاتوو فەتانە وەلیدی پێیوایە کە "فەتانە دەنگێکی بێهاوتای هەبوو، دەیتوانی خۆرێکی درەوشاوە بێ بە ئاسمانی مۆسیقای کوردییەوە، بەداخەوە بەهۆی تەمەنی کورتی هونەرییەوە هەرگیز نەیتوانی ئەو دەنگە ئاسمانییە بگەیەنێتە لوتکە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# فەتانە وەلیدی، شاژنێکی وەلانراو



**هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە ماوەیەکی کەم توانی ڕۆڵێکی مێژووی لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا ببینێت و ببێتە سەرچاوی ئیلهامی هونەری بۆ هونەرمەندانی دوای خۆی.**

**شنیار بایز**

فەتانە محەمەد شەریف وەلیدی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای ئاواز و مۆسیقا و هونەر بووە، خاوەنی سێ خوشک و برایەکە، باوکی وەک پیاوێکی هونەری و ژەنیاری ڤیۆلۆن و دەنگبێژی سەردەمی خۆی پشگیری زۆری کردووە، یەکەم ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە گۆرانی وتووە، لە خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران خوێندویەتی، بەهۆی نەخۆشی دەروونیەوە زۆر زوو کۆتای بە ڕێڕەوی هونەری ژیانی هات بەڵام توانی ببێتە کەسایەتیەکی دیار لە هونەری کوردیدا.

فەتانە توانیویەتی لەسەردەمێکدا گۆرانی بڵێت و تواناکانی خۆی نیشانی خەڵکی بدات کە گۆرانی وتن و بەشداری کردنی

ژنان بۆ کاری هونەری نەشیاو و ڕێگە پێنەدراو بووە، بەڵام ئەو توانیویەتی ببێتە پێشەنگ بۆ ژنانی ئەو سەردەمەش، وەک "شەهین تاڵەبانی، مەستورەی ئەسەدی، سدیقە محەمەدنەژاد" کە بەشێکیان بەهۆی ڕێگری کۆمەڵگە لەو سەردەمدا وازیان لە وتنی گۆرانی هێنا.

## دەستپێکردنی کاری هونەری

لە ساڵی ١٩٦٠ و لەتەمەنی ٧ساڵیدا چوەتە ڕادیۆی سنە بە هاوکاری حەسەن کامکار، و باوکی خۆی. لەوێ سەرەتای دەستپێکردنی کارە هونەریەکانی دەستپێکردووە، یەکەم گۆرانیشی هەر لە ڕادیۆی سنە تۆمار کرد، ئەو توانا زۆرەی لەو تەمەنەدا هەیبووە بووەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی هەریەک لە ژەنیاران و ئاوازدانەرە بەناوبانگەکانی وەک گریشا میکاییلزادە و موجتەبا میرزادەی.

نزیکەی ٥٦ گۆرانی لە ڕادیۆکانی سنە و کرماشان تۆمار کردووە کە تەنها یەک ئەلبوومی دیارە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی بڵاو نەکراوەتەوە، تا ئێستاش هۆکارەکەی ئاشکرا نەکراوە. نموونەی ئەو گۆرانییانە "ئەی وەی بەلەرزانە گیانە بەلەرزانە، گێل گێلەکەی دەوری سەری پەخشە پەرێشانە، ئەم گۆرانیەش دواتر لە لایەن حسێن شۆخ کەمان لە گروپی برایانی زێ زێ وتراوە و ناسر ڕەزازیش لە بەرهەمێکیدا لە ساڵی ١٩٨٤دا لە شاری سلێمانی لە گۆرانی "بەردە بەردە" تۆماری کردووە.

بەشێک لەو بەرهەمانەی لە ماوەی چەن ساڵی تەمەنیدا تۆماری کردووە بریتین لە ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری، لە ژین بێزارم، لای لای دڵم لای لە باغی سینەم، ئای لە دەست یارم ماڵی وێرانم، لە سەرووی قامەتی یار، هاتەوە یارم یاری وەفادارم، بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم، بەهار فەسڵێکی خۆشە و چەندان بەرهەمی دیکەی هەیە.

## کۆتای ژیانی هونەری

ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە بە هۆی نەخۆشی دروونیەوە زوو کۆتای هات، بەڵام بە یەکێک لە هونەرمەندە دیار و کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت، چەندین هۆکار و چیرۆکی دروستکراو سەبارەت بە دوورکەوتنەوەی لە بواری هونەری باس دەکرێت، دیارترینیان چیرۆکێکی خۆسەویستی بووە کە بووەتە هۆی خراپبوونی دۆخی دەروونی فەتانە وەلیدی، بەهۆی تێکچوونی باری دەروونی براکەی و دوای مردنی باوکی لە ساڵی ٢٠١٧ بەهۆی بێکەسوکاری و کەمدەرامەتی دەیگوازنەوە بۆ ناوەندێکی خێرخوازی و چاودێری نەخۆشییە دەروونیەکان بەناوی "بەهار" کەلە گەڕەکێکی شاری سنەدایە،


لەگەڵ براکەیدا لەهەمان شوێندان. بەهۆی خراپی باری دەروونیەوە لەئێستادا خوشکەکانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەم هونەرمەندە بە ئەزموونەدا سنوردار کردووە.

فەتانە وەلیدی زیاتر لە نیو سەدەیە لە گۆشەی تەنیایی خۆیدا ماوەتەوە و تەنیا جارجارە هەندێک کەس و لایەن سەردانێکیان کردووە و وەک وەفایەک بۆ ژنێک کە دەیتوانی شاژنی مۆسیقای کوردی بێت، رێزیان لێگرتووە. لەم ساڵانەی دواییشدا و لە دوای مردنی باوکی، ئیدی کۆتایی بەم سەردانانەش هاتووە هیچ کەسێک ئاگای لە شوێنی مانەوە و دۆخی ژیانی ئەم هونەرمەندە فەرامۆشکراوەی کورد نییە.

ت.پ

سەرچاوە: ئاژانسی هەواڵی ژن - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢١

# فەتانەی وەلیدی؛ ڕچەشکێنی گۆرانی لە کوردستان



**یەحیا میرزایی**

چەندین چیرۆک و گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری دوورکەوتنەوەی فەتانە لە گۆرانی و میوزیک باس دەکرێن کە رەنگە بڵاوترینیان گیرۆدەیی ئەو لەگەڵ ئەوینێکی تراژیدیک و بێ ئەنجام بێت.

"فەتانە" کچی هونەرمەند "شەریف وەلیدی" لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٢٦ هەتاوی لە شاری سنە لە دایک بووە. باوکی فەتانە، هەم ژەنیاری ڤیۆلۆن بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی. هەر ئەویش یەکەم هاندەری فەتانە بوو بۆ گەیشتن بەو پلەیە لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا.

لە تەمەنی ٦ یا ٧ ساڵاندا بە هۆی مامۆستا حەسەن کامکار باوکی کامکارەکان نێردراوەتە ڕادیۆ سنە و لەوێ سەرەتای دەست پێ کردنی گۆرانی خوێندنی بووە. لەو سەردەمەدا لەگەڵ گۆرانیبێژانی وەکوو ساڵح پیرزەهیری، بەهائەدین نەورۆزی، هەروەها هوشەنگ شگێرف، بێهروزی تەوەکولی لە رادیوی سنە چالاکی بووە.

ژەنیارەکانی ئەو سەردەمەی رادیۆ سنە کە لەگەڵ فەتانە هاوکارییان کردبوو: لەم کەسانەن: "گریشا میکائیلزادە، حەسەن کامکار، موزەفەر کامکار و بیژەن کامکار. فەتانە نزیک ٥٦ گۆرانی لە رادیۆ سنە و کرماشان تۆمار کردووە کە تەنیا یەک

ئەلبوومی لە بەردەستدایە و زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی بڵاو نەکراوەتەوە. بۆ نموونە گۆرانی: "ئەی وەی بەلەرزانە گیانە بەلەرزانە"، "گێل گێلەکەی دەوری سەری پەخشە پەرێشانە" و... ئەم گۆرانیشە دواتر لە لایەن "حسێن شۆخ کەمان" (گرووپی برایانی زێ زێ) وتراوە و "ناسر ڕەزازیش" لە بەرهەمی ساڵی ١٩٨٤دا لە شاری سلێمانی لە بەرهەمی "بەردە بەردە" تۆماری کردووە.

بەداخەوە ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە بە هۆی باری نالەباری ژیان و نەخۆشی دەروونییەوە زۆر زوو کۆتایی پێ هات. بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ.

چەندین چیرۆک و گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری دوور کەوتنەوەی فەتانە لە گۆرانی و میوزیک باس دەکرێن کە ڕەنگە بڵاوترینیان گیرۆدەیی ئەو لەگەڵ ئەوینێکی تراژیدیک و بێ ئەنجام بێت کە بووە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی و خوڵقانی دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز؛ لەگەڵ ئەوەش، ژن بوون و گۆرانی بێژبوون لە سەردەمێکدا کە هونەر بۆ ژن کارێک بووە لە دەرەوەی نەریت و نۆرمەکان و لەلایەن کۆمەڵگاوە وەک کارێکی نەشیاو بۆ ژن تەماشا کراوە و تەنانەت پیاوانی هونەرمەندیش بە "لۆتی" ناوبراون، هۆکارێکی دیکە بووە بۆ دوورکەوتنەوە لە جیهانی هونەر و مۆسیقا.

بەداخەوە نزیک بە نیو سەدە فەتانە گۆشەیی تەنیایی هەڵبژارد؛ تەنیا جاروبارێک بە هۆی وەفادارییەوە کەسانێک سەردانیان کرد و ڕێزیان لێنا کە ئەویش بەدوای مردنی باوکی لەساڵی ٢٠١٧ بەهۆی بێکەسو کارییەوە کۆتایی پێهات و سەرئەنجام خانمە هونەرمەندەکە گوێزراوە بۆ شوێنێکی خێرخوازی .

**بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٤٠٣ هەتاوی لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوژان پرس - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# هونەرمەند فەتانە وەلیدی کۆچی دوایی کرد



لاوی محمد

فەتانە محەممەد شەریف وەلیدی (لەدایکبووی ١٩٥٣ لە سنە، ئێران،لە خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران خوێندوویەتی و لە ساڵانی حەفتاکان لە ڕێگەی حەسەن کامکار، باوکی گرووپی کامگارەکان و محەممەد شەریف وەلیدی باوکی خۆی، ئاشنای جیهانی مۆسیقا بووە. دەسکەوتی ژیانی کورتی هونەری فەتانە تۆمارکردنی ٥٦ گورانی لە ڕادیۆ سنە و کرماشانە کە هەر ئەلبوومێکی لەبەردەست دایە. ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە بە هۆی باری نالەباری ژیان و نەخۆشی دەروونیەوە زۆر زوو

کۆتایی پێ هات. بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ. ناوبراو یەکێک لە یەکەمین گۆرانیبێژانی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە دواتر بووە ئیلهامبەخشی ژمارەیەک لە هونەرمەندانی ژن و تەنانەت پیاوانیش.

فەتانە وەلیدی لە ساڵی ١٩٥٣ لە بنەماڵەیەکی هونەریی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە ڕووی کردە هونەری مۆسیقا و ئاواز و توانی ببێتە یەکێک لە ژنە ڕچەشکێنەکان لە مەیدانی هونەر و مۆسیقای کوردی. باوکی فەتانە گۆرانیبێژ بووە و کەمانی ژەنیوە، هەر لە منداڵییەوە فەتانە لەلای حەسەن کامکار دەست بە فێربوونی وانەکانی میوزیک دەکات.

لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی وتن کرد و لە ڕادیۆی سنە گۆرانییەکانی تۆمار دەکرد، بۆ ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی، گۆرانیی وتن تەنانەت بۆ پیاوانیش وەکو کارێکی نەشیاو سەیردەکرا، بەو هۆیەوە فەتانە ڕووبەڕووی جۆرەها توانج و تانە و کاری نەشیاو بوویەوە.

چەندین چیرۆک و گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری دوورکەوتنەوەی فەتانە لە گۆرانی و میوزیک باس دەکرێن بەڵام دیارترینیان چیرۆکێکی خۆشەویستییە کە بووەتە هۆی خراپی دۆخی دەروونی بۆی.

**ئەمڕۆ پێنج شەممە ١٣ - ٩ - ٢٠٢٣ هونەرمەند فەتانە وەلیدی، لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.**





سەرچاوە
Serchawe





سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

## هەواڵی کۆچی دوایی فەتانەی وەلیدی ڕەتدەکرێتەوە



**سیروان عەباس**

**هەواڵی گیانلەدەستدانی خانمە هونەرمەندی کورد (فەتانەی وەلیدی) ڕەتدەکرێتەوە.**

**ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ - ٩ - ٢٠٢٣، خانمە شاعیر، سمین چایچی، بە ڕووداوی گوت، "هەواڵی گیانلەدەستدانی هونەرمەند فەتانەی وەلیدی ڕاست نییە و تاوەکو ئێستا لە ژیاندایە".**

فەتانە لە یەکەم ژنانی گۆرانیبێژی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم ژنە ڕچەشکێنە دەستی بە گۆرانیگوتن کرد و بە دەنگە ناوازەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنی و وەک یەکێک لە ئەستێرە پرشنگدارەکان لە ئاسمانی هونەر و مۆسیقای کوردیدا دەرکەوت.

فەتانەی وەلیدی، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵباتێکی هونەرمەندی ئەم شارە لەدایکبووە. لە خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران خوێندوویەتی و ساڵانی حەفتاکان لە ڕێگەی حەسەن کامکار، باوکی ئەندامانی گرووپی کامکارەکان و محەممەد شەریف وەلیدی، باوکی خۆی، ئاشنای جیهانی مۆسیقا بووە.

باوکی فەتانە، هەم ژەنیاری کەمانچە بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی. هەر ئەویش یەکەم هاندەری فەتانە بوو بۆ گەیشتن بەو پلەیە لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا.

فەتانە یەکەم گۆرانییەکانی لە تەمەنی منداڵیدا و بە هاندانی حەسەن کامکار لە رادیۆی سنە تۆمار کرد و هەر زوو سەرنجی ژەنیاران و موزیسیەنە بەناوبانگەکانی وەک گریشا میکاییلزادە و موجتەبا میرزادەی بۆ خۆی راکێشا.

هەرچەندە درەوشانەوەی فەتانەی وەلیدی چەند ساڵێکی کەم بوو، بەڵام بەو تەمەنە کەمە هونەرییەشەوە زیاتر لە ٥٦ گۆرانی لە رادیۆکانی سنە و کرماشان تۆمار کرد کە تەنیا یەک ئەلبوومی بەردەستە. هۆکاری بڵاونەبوونەوەی گۆرانییەکانی دیکەی تا ئێستاش دیار نییە.

چەندین چیرۆک و گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری دوورکەوتنەوەی فەتانە لە گۆرانی و میوزیک باس دەکرێن کە رەنگە بڵاوترینیان گیرۆدەیی ئەو لەگەڵ ئەوینێکی تراژیدیا و بێ ئەنجام بێت کە بووە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی کە تاوەکو ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

باری نالەباری ژیان و پەراوێزکەوتن و تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، فەتانە وەلیدی وەها لە هونەر دوورخستەوە کە بەراورد بە پیاوانی هونەرمەندی هاوتەمەنی خۆی، زۆر زوو کەوتە پەراوێزەوە و ناوی لەنێو ناواندا نەما. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمترین زانیاری سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم ژنە هونەرمەندە بەردەست بێت و زانیارییەکان سەبارەت بە ژیانی ئەو تەنیا پشت بە هەندێک دەنگۆ ببەستن.

فەتانە وەلیدی زیاتر لە نیو سەدەیە لە گۆشەی تەنیایی خۆیدا ماوەتەوە و تەنیا جارجارە هەندێک کەس و لایەن سەردانێکیان کردووە و وەک وەفایەک بۆ ژنێک کە دەیتوانی شاژنی مۆسیقای کوردی بێت، رێزیان لێگرتووە. لەم ساڵانەی دواییشدا و لە دوای مردنی باوکی، ئیدی کۆتایی بەم سەردانانەش هاتووە و تەنانەت کەمتر کەسێک ئاگای لە شوێنی مانەوە و دۆخی ژیانی ئەم هونەرمەندە فەرامۆشکراوەی کورد هەیە.

خاتوو فەتانە وەلیدی، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی ٢٠١٧ و بەهۆی بێکەسوکاری و بێدەرەتانی، گوازراوەتەوە بۆ ناوەندێکی خێرخوازیی چاودێری و راگرتنی نەخۆشە دەروونییەکان بە ناوی بەهار کە لە گەڕەکی بەهارانی شاری سنەیە.

خوشکەکانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ناوادارە سنووردار کردووە و ئیدی ئێستا جگە لە چەند کەسێکی تایبەت، رێگە بە کەس نادرێ چاویان بەو هونەرمەندە بکەوێ.



سەرچاوە
Serchawe

خاتوو فەتانە سێ خوشک و برایەکی هەیە. براکەیشی بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە هەر لەو ناوەندەیە کە فەتانەی لێیە. خوشکەکانی لە تاران دادەنیشن و لەسەر داوای ئەوانیشە کە رێگەی دیدار بە کەس و بە تایبەتی بە رۆژنامەنووسان نادرێ .

کەڵکوەرگرتن لە فۆلکلۆر و ئاوێتەبوونی تێکستی گۆرانییەکان لەگەڵ ژیان و حەز و ئاواتەکانی خۆی بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی فەتانە وەلیدی.

بەشێک لەو گۆرانیانەی لە ماوەی چەند ساڵ تەمەنی هونەریدا تۆماری کردوون، بریتین لە: ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری، لە ژین بێزارم، لای لای دڵم لای لە باغی سینەم، ئای لە دەست یارم ماڵی وێرانم، لە سەرووی قامەتی یار، هاتەوە یارم یاری وەفادارم، بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم، بەهار فەسڵێکی خۆشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## فەتانە؛ چریکەی ئەوینێکی ناکام



**مەودا میدیا**

دەمێ لایلایە بۆ دڵی دەکات و دەیەوێت لە سینەیدا بیخەوێنێت، گاهێ گۆرانی بەسەر یاریدا دەڵێت کە لە کانی دێتەوە، ئەو هونەرمەندە کە لە دووری ئەوینەکەیدا بیمار دەبوو، بە ئاوازێکی غەمگین دەپیرسی "ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری؟."..

**فەتانەی وەلیدی؛ چریکەی ئەوینێک کە بە ساوایی لەپێکەوت**

فەتانەی وەلیدی یەکێکە لەو هونەرمەندە بەناوبانگانەی کە لە مێژووی هونەری رەسەنی کوردیدا ناوی نەخشێنراوە و هەرگیز لەبیر ناکرێت، ئەو ٥٦ گۆرانی جیاوازی وتووە، بەڵام تەنها کەمتر لە ١٠ دانەیان بڵاوبوونەتەوە و ئەوانی دی کەس نازانێت چیان بەسەر هاتووە.

چیرۆکی ژیانی فەتانە ساڵی ١٩٥٣ دەستپێدەکات، فەتانە لە شاری سنە و لە خێزانێکی هونەردۆست لەدایکبووە، باوکی فەتانە گۆرانیبێژ بووە و کەمانی ژەنیوە، هەر لە منداڵیەوە فەتانە لەلای حەسەن کامکار دەست بە فێربوونی وانەکانی

میوزیک دەکات.

لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی وتن کرد و لە رادیۆی سنە گۆرانییەکانی تۆمار دەکرد، بۆ ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی، گۆرانیی وتن تەنانەت بۆ پیاوانیش وەکو کارێکی نەشیاو سەیردەکرا، بەو هۆیەوە فەتانە رووبەرووی جۆرەها توانج و تانە و کاری نەشیاو بوویەوە.

## ئەوینە ناکامەکە

فەتانە لە گەنجیدا دەکەوێتە داوی ئەوینێکی بێئاکامەوە، ئەوینەکەی سەرتاپا ژیانی داگیردەکات، بێئاکامبوونی ئەوینەکەی، بە تەواوەتی هەرەس بە هیواکانی فەتانە دەهێنێت.

دووچاری دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی نەخوازراوی دەکاتەوە و وردە وردە فەتانە دورەپەرێز دەبێت و حەزی بە بینینی هیچ کەسێک نامێنێت.

فەتانەی وەلیدی بەو هۆیەوە لە گۆرانی وتن دووردەکەوێتەوە، ئاواش کۆتایی بە دابارینی بارانی ئاواز و شنەی هەستەکانی دێت.

لەوکاتەوە هەنگاو هەنگاو دۆخی فەتانە رووی لە خراپییە، ئێستا ئەو نە لە ماڵی خۆیەتی، نە لە ناوەندێکی تایبەتی خزمەتکردن بە هونەرمەندان، ئەو ئێستا لە خانەیەکی تایبەتی بە کەسانی دەروننەخۆشە و لەوێ لەگەڵ برایەکیدا کە هەمان نەخۆشیی هەیە دەژی و لەلایەن کارمەندانی ناوەندەکەوە خزمەت دەکرێت.

لەسەر داوای کەسوکارەکەی رێگە نادرێت هیچ رۆژنامەنووس و راگەیاندنێک بچێتە ئەو خانەیە و چاوپێکەوتن لەگەڵ فەتانە ئەنجامبدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مەودا میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## فەتتانە وەلیدی، ژنە گۆرانیبێژێکی ڕچەشکێن



هونەرمەند "فەتانە وەلیدی"، کچی هونەرمەند "شەریف وەلیدی"، لە مانگی بانەمەڕی ٢٦٥٧ی کوردی (١٣٣٦ هەتاوی) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. باوکی فەتانە، هەم ژەنیاری ڤیۆلۆن بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی. هەر ئەویش یەکەم هاندەری فەتانە بوو بۆ گەیشتن بەو پلەیە لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا. فەتانە لە تەمەنی ٦ و ٧ ساڵاندا بەهۆی هاندانی مامۆستا حەسەن کامکار، باوکی گرووپی کامکارەکان نێردراوەتە ڕادیۆ سنە و لەوێوە سەرەتای گۆرانی وتن و کاری هونەریی دەست پێ کردووە. دواتر بۆ ماوەیەک لە قوتابخانەی باڵای هونەری مۆسیقا لە شاری تاران وانەی خوێندووە. لەو سەردەمەدا لەگەڵ گۆرانیبێژانی وەکوو ساڵح پیرزەهیری، بەهائەدین نەورۆزی، هوشەنگ شگێرف، بێهرووز تەوەکولی و چەند هونەرمەندێکی تری کورد لە ڕادیۆی سنە چالاکیی هونەریی هەبووە. ئەو ژەنیارانەی لەو سەردەمە لە ڕادیۆ سنە لەگەڵ فەتانە هاوکارییان کردبوو ئەم کەسانەن: گریشا میکائیلزادە، حەسەن کامکار، موزەفەر کامکار و بیژەن کامکار.

فەتانە نزیکەی ٥٦ گۆرانیی لە ڕادیۆ سنە و ڕادیۆ کرماشان تۆمار کردووە کە تەنیا یەک ئەلبوومی لەبەردەستدایە و زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی بڵاو نەکراونەتە. بۆ نموونە گۆرانیی: "ئەی وەی بەلەرزانە گیانە بەلەرزانە، گێل گێلەکەی دەوری سەری پەخشە پەرێشانە" و ... ئەم گۆرانییەش دواتر لەلایەن "حوسێن شۆخکەمان" (گرووپی برایانی زێزێ) وتراوەتەوە و "ناسر ڕەزازی"یش لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینیدا لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان لە ئەلبوومی "بەردە بەردە"دا تۆماری

کردووە.

بەداخەوە ژیانی هونەریی ئەو هونەرمەندە بەهۆی باری نالەباری ژیان و نەخۆشیی ئەلزایمەرەوە زۆر زوو کۆتاییی پێ هات و بەهۆی ڕووداوەکانی ژیانییەوە لە دنیای هونەر دوور کەوەتەوە، بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی و بەرچاوی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێت و بەو دەنگ و چریکە تایبەتەیەوە لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستاندا دەرکەوتنی وەک کچە پێشەنگێکی هونەرمەند ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە.

فەتانە یەکێک لە ژنە پێشەنگە گۆرانیبێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کودستانی گەورەیشە کە بە دوای ئەودا چەند ژنێکی دیکە وەکوو: شەهین تاڵەبانی، مەستوورەی ئەسەدی، سدیقە محەمەدنژاد، هاتنە ناو مەیدانی هونەرییەوە. بەداخەوە بێجگە لە شەهێن تاڵەبانی، هەموویان دوای ماوەیەکی کورت وازیان لە گۆرانی وتن هێنا. بەڵام دوای قۆناغی فەتانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە دەیان کچ و ژنە هونەرمەندی گۆرانیبێژ هاتوونەتە مەیدانی هونەر و هەرکامەیان پێگە و سەنگی خۆیان هەیە. بۆیە دەکرێت لەم بارەیەوە هونەرمەند فەتانە وەلیدی وەک ڕچەشکێنێکی کوردستان لەقەڵەم بدەین.

"فەتانە وەلیدی" وەک ژنە گۆرانیبێژێکی ڕچەشکێن جیا لەوەی سترانەکانی بەردەوام زمزمەی سەر زاری لاوان و بەتایبەت لاوانی ئەڤیندار و دڵداری کورد بوون، کاریگەریی لەسەر نەوەکانی دوای خۆشی هەبووە و چەندین گۆرانیی ئەو لەلایەن کچان و ژنان و تەنانەت کوڕانی هونەرمەندی کوردیشەوە وتراونەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەنگی فەتانە، ڕەسەنایەتی، خەم و ئازاری جیایی، نەرمونیانی، ئەڤینداری و سۆزدارییەکی پەتییە کە ژنیەتیی مرۆڤی کورد تێیدا قوڵپ دەدات و نەوە بە نەوەش ئەم هونەرە دەگوازرێتەوە.

فەتانە یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە مخابن کۆسپ و تاڵی و سوێرییەکانی ژیان و کۆمەڵگەی نەریتی نەیانهێشت وەک خۆی بژیت و زیاتر پەرە بە هونەر و دەنگی بلاوێنی بدات و لەڕاستیدا ژیانی فەتانە دیوێکی تراژیک و ڕاستیی تاڵی گۆڕەپانی هونەری ئێمەیە کە هونەرمەندێکی گەرووزێڕین لەژێر باری قورسی خەمەکانی ژیاندا تەریک بژیت و هەتا دواساتەکانی مەرگی بەو ئازارانە بناڵێنێت.

**بەشێک لە ستران و گۆرانییەکانی هونەرمەند فەتانە بریتین لە:**

**ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری**
**لە ژین بێزارم**

لای لای دڵم لای لە باغی سینەم
ئای لە دەس یارم ماڵی وێرانم
لە سەر ڕووی قامەتی یار
کەومل کەومل کەوملکە
هاتەوە یارم یاری وەفادارم
بێ تۆ بیمارم، بێ دۆست و یارم
ئاوا بێمێهر و مەرحەمەت، حەکیمی دەردەدار ئەبی
بەهارە فەسڵێکی خۆشە بەهارە
و چەندین گۆرانیی دیکە.



کاراکتێر دیزاینێر: هێمن قارەمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردشاپ - ١٦ی سێپتەمبەر

## کورتەیەک لەسەر ژیان و هونەری فەتانە وەلیدی



**رۆژ نیوز**

ژنە هونەرمەندی کورد، فەتانە وەلیدی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا و پاش ململانێیەکی چەند ساڵە لەگەڵ نەخۆشیدا، ئێوارەی دوێنێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد و لە دوای خۆی دەیان بەرهەمی گۆرانی جێهێشتووە کە تا ئێستا لەسەر دەمی خەڵکی دەوترێنەوە.

ئێوارەی دوێنێ، ژنە هونەرمەندی کورد، فەتانە وەلیدی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە شاری سنە پاش ململانێیەکی درێژ لەگەڵ نەخۆشییدا، کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند "فەتانە وەلیدی"، کچی هونەرمەند "شەریف وەلیدی"، ١٩٥٣ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لە تەمەنی ٦ و ٧ساڵاندا بە هاندانی مامۆستا حەسەن کامکار، باوکی کامکارەکان نێردراوەتە ڕادیۆی سنە و لەوێوە سەرەتای گۆرانی وتن و کاری هونەریی دەست پێ کردووە.

دواتــر بــۆ مــاوەیەک لە خوێنــدنگەی بــاڵای هــونەری مۆسـیقا لە شــاری تــاران وانەی خوێنــدووە، لەو ســەردەمەدا لەگەڵ گۆرانیبێژانی وەکوو ساڵح پیرزەهیری، بەهائەدین نەورۆزی، هوشەنگ شگێرف، بێهرووز تەوەکولی و چەنـد هونەرمەنـدێکی تری کورد لە ڕادیۆی سنە چالاکیی هونەریی هەبووە.

هەرچەنـدە بەهـۆی ناسەقامگیری گوزەران و تووشبوونی بە نەخۆشی "ئەلزەهـایمەر" زۆر زوو کۆتـایی بە کـاروانی هـونەری فەتـانە هـات و لە گـۆرانی و میوزیـک دوورکەوتەوە، بەڵام لەو تەمەنە کورتەشـدا تـوانی ڕۆڵێکـی مێژوویـی و بەرچـاوی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێت و بەو دەنگ و چریکە تـایبەتەیەوە لە کـۆمەڵگەی ئەو کـاتی کوردسـتاندا دەرکەوتنـی وەک ژنە پێشەنگێکی هونەرمەند ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە؛ دەنـگ و ڕێچکەی هـونەریی هونەرمەنـد "فەتـانە وەلیـدی"یە، کە وەک ژنە گـۆرانیبێژێکی ڕچە شکێن جیـا لەوەی گۆرانییەکـانی لەو سەردەمەدا بەردەوام لەنـاو خەڵـک و کـۆمەڵگەدا دەوتـرایە و بـاس دەکـرا، کـاریگەریی لەسەر نەوەکـانی دوای خۆشی هەبـووە و چەنـدین گـۆرانیی ئەو لەلایەن هونەرمەنـدانی دوای خـۆی وتـراونەتەوە، یەکێـک لە تـایبەتمەندییەکانی دەنگی فەتـانە، ڕەسەنایەتی، خەم و ئـازاری جیـایی، نەرمونیـانی، ئەڤینداری و سۆزدارییەکی پەتییە کە ژنیەتیی مرۆڤی کورد تێیدا قوڵپ دەدات و نەوە بە نەوەش ئەم هونەرە دەگوازرێتەوە.

**بەشێک لە گۆرانییەکانی هونەرمەند فەتانە بریتین لە:**

- ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری.
- لە ژین بێزارم.
- لای لای دڵم لای لە باغی سینەم.
- ئای لە دەس یارم ماڵی وێرانم.
- لە سەر ڕووی قامەتی یار.
- کەومل کەومل کەوملکە.
- هاتەوە یارم یاری وەفادارم.
- بێ تۆ بیمارم، بێ دۆست و یارم.
- ئاوا بێمێهر و مەرحەمەت، حەکیمی دەردەدار ئەبی.
- بەهارە فەسڵێکی خۆشە بەهارە.
- و چەندین گۆرانیی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ نیوز - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

# فەتانەی وەلیدی؛ ئافرەتە ڕچەشکێنەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**گوڵان میدیا**

شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەڵبەند و ناوەندێکی گرنگی مۆسیقای کوردییە و بە سەدان هونەرمەندی دەنگخۆش و موزیسیەن و ژەنیار و گرووپی مۆسیقای لە هەناوی خۆیدا پەروەردە کردووە، یەکێک لەوانە خانمە هونەرمەند «فەتانەی وەلیدی»یە.

فەتانەی وەلیدی لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماڵباتێکی هونەرمەندیدا شارە لەدایک بووە، لە خوێندنگەی باڵای میوزیک لە تاران خوێندوویەتی و ساڵانی حەفتاکان لە ڕێگەی حەسەن کامگار، بەهۆی هونەرمەندبوونی باوکی «شەریف وەلیدی» هۆگری گۆرانی و مۆزیکی کوردی دەبێت. فەتانە یەکەم ئافرەتی بواری گۆرانی و هونەری مۆسیقای کوردییە کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە پاڵنەری «حەسەن کامگار» لە ڕادیۆی سنە گۆرانی دەچڕێت و هەر ئەمەش نیشانەی بەهرەمەندبوونی ئەو خاتوونەیە کە هەر زوو دەنگی بۆ ژەنیاران و موزیسیەنە بەناوبانگەکانی وەک

حەسەن کامکار و گریشا میکائیل‌زادە و موجتەبا میرزادە و.. هتد، سەرنجراکێش دەبێت، و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک یەکێک لە ئەستێرە پرشنگدارەکان لە ئاسمانی هونەر و مۆسیقای کوردیدا دەرکەوت.




ئەوەی کە ئێستا لەو خانمە دەنگخۆشە وەکو ئاواز و گۆرانی بەجێ ماوە، بەشێکی ئێجگار کەمە لە سەرجەم ئەو گۆرانییانەی کە تۆماری کردووە.

باوکی فەتانە، هەم ژەنیاری ڤیۆلۆن بوو، هەم دەنگبێژێکی سەردەمی خۆی، هەر ئەویش یەکەم هاندەری فەتانە بوو بۆ گەیشتن بەو پلەیەی لە هونەر و مۆسیقای کوردیدا هەیبوو.

هەرچەندە درەوشانەوەی فەتانەی وەلیدی چەند ساڵێکی کەم بوو، بەڵام بەو تەمەنە کەمە هونەرییەشەوە زیاتر لە ٥٦ گۆرانیی لە ڕادیۆکانی سنە و کرماشان تۆمار کرد، کە تەنیا یەک ئەلبوومی بەردەستە. هۆکاری بڵاو نەبوونەوەی گۆرانییەکانی دیکەی تا ئێستاش دیار نییە.

ژنبوون و گۆرانیبێژبوون لە سەردەمێکدا کە هونەر بۆ ژن کارێک بووە لە دەرەوەی نەریت و نۆرمەکان و، لەلایەن کۆمەڵگەوە وەک کارێکی نەشیاو بۆ ژن تەماشا کراوە و، تەنانەت پیاوانی هونەرمەندیش بە «لۆتی» ناو براون، هۆکارێکی دیکە بووە بۆ دوورکەوتنەوەی فەتانە لە جیهانی هونەر و مۆسیقا.

باری نالەباری ژیان و پەراوێزکەوتن و تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، فەتانە وەلیدیی وەها لە هونەر دوور خستەوە کە بەراورد بە پیاوانی هونەرمەندی هاوتەمەنی خۆی، زۆر زوو کەوتە پەراوێزەوە و ناوی لە نێو ناواندا نەما. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەمترین زانیاری سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم ئافرەتە هونەرمەندە بەردەست بێت و زانیارییەکان سەبارەت بە ژیانی ئەو تەنیا پشت بە هەندێک دەنگۆ ببەستێت.

فەتانە وەلیدی زیاتر لە نیو سەدەیە لە گۆشەی تەنیایی خۆیدا ماوەتەوە و تەنیا جارجارە هەندێک کەس و لایەن سەردانێکیان کردووە و، وەک وەفایەک بۆ ژنێک کە دەیتوانی شاژنی مۆسیقای کوردی بێت، رێزیان لێ گرتووە. لەم ساڵانەی دواییشدا و لە دوای مردنی باوکی، ئیدی کۆتایی بەم سەردانانەش هاتووە و تەنانەت کەمتر کەسێک ئاگای لە شوێنی مانەوە و دۆخی ژیانی ئەم هونەرمەندە فەرامۆشکراوەی کورد هەبووە.

خاتوو فەتانەی وەلیدی، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی ٢٠١٧ و بەهۆی بێکەسوکاری و بێدەرەتانییەوە، گوازراوەتەوە بۆ ناوەندێکی خێرخوازیی چاودێری و راگرتنی نەخۆشە دەروونییەکان بە ناوی «بەهار» کە لە گەرەکی بەهارانی شاری سنەیە. خوشکەکانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ناوادارە سنووردار کردووە و، ئیدی جگە لە چەند کەسێکی تایبەت، رێگە بە کەس نەدراوە چاویان بەو هونەرمەندە بکەوێت.

خاتوو فەتانە سێ خوشک و برایەکی هەبوو، خوشکەکانی لە تاران دادەنیشن و لەسەر داوای ئەوانیشە کە رێگەی دیدار بە کەس و، بەتایبەتی بە رۆژنامەنووسان نەدەدرا. کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆر و ئاوێتەبوونی تێکستی گۆرانییەکان لەگەڵ ژیان و حەز و ئاواتەکانی خۆی، بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی فەتانە وەلیدی.

**بەشێک لەو گۆرانییانەی لە ماوەی چەند ساڵ تەمەنی هونەرییدا تۆماری کردوون، بریتین لە:**

ئەی دڵی غەمینم بۆچ بێقەراری،
لە ژین بێزارم،
لای لای دڵم لای لە باغی سینەم،
ئای لە دەست یارم ماڵی وێرانم،
لە سەرووی قامەتی یار،
هاتەوە یارم یاری وەفادارم،
بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم،
بەهار فەسڵێکی خۆشە.



سەرچاوە
Serchawe

**رۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ئەیلولی ٢٠٢٤ خانمە هونەرمەند فەتانە وەلیدی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری نایەوە و ماڵئاوایی کرد.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠٢٥**

---



---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی**

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردن و نووسینی وتار و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe